# پاشکۆکان

**ساغکردنەوە و سەرەتاو پەراوێزنووسینی: ئەنوەر سوڵتانی**

پاشکۆی یەکەم

## بەیازێکی بچووکی شیعری گۆرانی

**مێجەر ئی. بی. سۆن[١]**

کە شکۆڵەکە، بریتی یە لە دەسنوو سێك کە دوکتۆر سەعیدی سنەیی ئاڕا ستەی مووزەخا نەی بریتاذ یای کردووە و لەوێ، ژ مارەی or.٦٤٤٤ی پیێدراوە. نوو سەر، لە سەر نوسخەیەکی ڕەسم هەلگیراوی دەسنووسەکە، کار دەکات کە لەلایەن " ئا. جی. ئێلیس"[٢]ەوە لە ساڵی ١٩٠٨ دا بۆی پێك هاتووە. دووربوون لە بەشی ڕۆژ هەلاتی مووزەخا نەی بریتاذ یا و بەدە ستەوەنەبوونی سەر چاوە و کتێبی بە کەڵك ( ئەم و تارە، لە سولەیمانی -کورد ستانی باشوور نووسراوە)، کۆسپێکی بەراوردکاریی بەڕێ و جێی وشەکانە[٣].

کەشکۆڵەکە بریتییە لە کۆمەڵێك شیعر کە عە بدولمۆئمین کوڕی جەما لەددین- مبین الملك[٤] لە سنەو لەنێوانی ساڵانی ١٧٨٣ و ١٧٨٥دا پێکی هێناوە و وتیا یا نموو نەی بەر هەمی بیست و حەوت[٥] شاعیر و هەندێك وردە شیعری کۆ کردووەتەوە کە بە پێی دوا پیتی قافیە، دابەش کراون. دیاریکردنی مێژوو بۆ هیچ کامیان لە گونجان نایێت، چەند شاعیرێك نەبێ کە خەڵکی سنە و ناو چەی هەورامان لە سەر سنووری ئ ێران و تورك یا بوون [ ئەو ناوچەیەی] ئێستاش کۆمە ڵە شاخە لێك دابڕاوە کانی، هەر مەڵبە ندی ز مانی گۆرانی یە و گەلێك دەسنووسی دیکەی دەبێ لێ وەدەست کەوێ. ئەو سەردەمەی کە کە شکۆڵەکەی تێدا

---

[١] Major E.B. Soane, A Short Anthology of Guran Poetry. Journal of thr Royal Asiatic Society, January٩٢١,pp.٥٧- ٨١.

[٢] Mr.A.G.Ellis.

[٣] [سۆن لە کاتی نووسینی وتارەکەیدا، لە سولەیمانی و بن گوێچکەی "هەڵەبجە" و هەورامان ژیاوە، بەلام بۆ کاری "بەراوردکاریی وشە" کەڵکی لەسەر چاوەی زمانەکە وەرنەگرتووە و گوتوویەتی دوور بوون لە مووزەخانەی بریتانیا، کۆسپێکی کارەکەیە.]

[٤] [ ئەم نازناوەم لەسەر چاوەکانی دیکەدا چاو پێ نەکەوتووە. دوور نییە سۆن لە زمانی دوکتۆر سەعید خانەوە بیستبێتی.]

[٥] ئەم ژمارەیە، هەڵەیە و لە ڕاستیدا کەشکۆڵەکە، کۆمەڵەی شیعری ٣٩ کەسە.

پێك هاتووە، سەردەمی دیوە سەربەخۆیی والی ئەردەڵان -خوسرەوخان بووە کە ئەویش وەك پێشینانی خۆی، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و ئەدیبانی لە دەوری خۆی کۆ کرد بووەوە- ئەو شێوەیەی وا لەلایەن سوڵتانەکانی هەورامانی تەختەوە لا سایی دەکرا یەوە و هەر چەند ژێردەستیشی بوون، بەڵام دیوە سەربەخۆییەکیان هە بوو -وەك ئێستاش هەر هەیانە. پاش سەرهەڵدانی زنجیرەی قاجار، بنەماڵەی ئەردەڵان ئەو شوێن و پلەو پایە بەرزەیان لەدەست چوو، کە پێشتر هەیانبوو و لەگەڵ لاواز بوونی بنەماڵەکەیان و ژن و ژنخوازیی لە ئێرانیەکان و لەدەستچوونی دەسەڵات، دیوەخانیشیان بڵاوەی کرد، نووسینەوە بە زمانی گۆرانی (کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە شێوەیەکی دەستکرد و بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە زمانی ڕەسمیی [دیوە خان] لە سنەدا زیندوو ڕاگیرابوو، ئیتر جێی پەسندی خەڵك نەما و تووشی وەستان هات.

زمانی گۆرانی ئێستا لە گیانەڵڵادایە. بە هەموو ئیحتیمالێك، لە سەردەمی فتووحاتی عەرەبدا، گۆرانی هیچ نەبوو جگە لە زاراوەیەکی زمانی فارسی و بە هۆی شوێنەکەیەوە لە ناوچە شاخاویەکانی ئوستانی کرماشان و ئەردەڵان، هەم لە چنگ پەیوەندیی و شەگەلی عەرەبی و هەم لە پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕی فارسیی نوێ ڕزگاری هات. بەڵام هەر چۆنێك بێت مانەوەی زۆریش بێچەرمەسەری نەبوو. سەدەی حەڤدەهەم، دەسەڵات سەندنی میرە کوردەکانی ڕەواندز، بەتلیس و ئامێدی و سەردارە کوردەکانی موکریی بەخۆیەوە دی. عەشایری [کوردی] بەری عوسمانی، بەشیان لە هەمان ڕۆحی فەتحکردن پێ برا بوو کە تورکەکانی ئەو سەردەمە لە خۆیان نیشان دەدا و دەرەتانی ئەوەشیان کەوتە دەست کە بەرەو ڕۆژ ئاواو باشوو واتە بۆ ناو ئێران بئاژوێن و هەندی کۆمەڵی خەڵك لە ناو خۆیاندا بتاوێننەوە و هەندێکی دیکەیان بەرەو شاخەکان بڕەتێنن.

سەرنجڕاکێشترین نموونەی مێژوویی بۆ هێرشکاری کورد، (زەهاب)ە. لێرەدا، ئەبداڵ، واتە باجەڵانی ناوچەی خۆشناوەتی، بە سەرۆکایەتیی هەندێ عەشیرە، بەرەو زەهاب و ئەو خاکەی کە ئێستا بە ( جوانرۆ) دەنا سرێ کۆ چیان کرد. لە گەڵ ژیان لە ناو چەکەدا، فیدراسیۆنێکیان لەو هۆزانە پێك هێنا کە گەلێك زوو، لە ژمارەیان کەم کردنەوە و ناوی کرمانجی (گۆران)یان پێ بەخشین کە واتای ڕەعیەت و غوڵام و وەرزێری دەبەخشی -ئەو ناوەی وا ئەمڕۆ ژمارە یەکی زۆری عوذ سوری عە شیرەتی ناو چەکە دەگرێ تەوە. بە

تێپەڕبوونی زەمان، بەشی جۆربەجۆری هۆزە کوردە کانی داب و نەریتی ئەو گۆراه تازە - نێوانەیان وەرگرت و کۆچی گەرمێن و کوێستانیان لەگەڵ کردن. ئاکامی کارەکە بوو بەوەی کە ئەمڕۆ ئەو بە ناو گۆرانا نەی زە هاب و جوانرۆ، دوو عونسوری جیاواز یان تێدا بەدی ئەکرێ: بەشی کورد کە لە هەموویان سوننی و مو سڵمانن و بە کر مانجی خۆ یان دەدو ێن، لەگەڵ بەشی بنەچەك (گۆران) کە زۆربەیان (عەلی اللهی) و لە باری بڕواوە نامو سڵمانن و بە گۆرانی قسە دە کەن. بنەما ڵەی با جەلان، هەلو مەرجی بنە چەکی خۆ یان بە با شی پارا ستووە، بە شێوەیەکی وا کە ئەمڕۆ بە گزادە کانی با جەلان بە کر مانجی دەدو ێن، لەکاتێ کدا ئەو هۆزا نەی وا لە دانیشتووانی ئە سڵیی دە شتی زە هاب پ ێك هاتوون و بە شێوەیەکی "گۆرانی" قسە دەکەن. لە ناوچەی ئەردەڵان، ئەم نفووزە ئەسپاییە بەپێی یا سا بووە و ئەوەش دیاردیەکی مێژووییە کە تا ساڵی ١٦٥٠ی زاینی، بەشێکی زۆری دانیشتوان بە کر مانجی دەدوان و ئێستا ز مانی پای تەخت- وا تە شاری سنەیە. بەکورتی، ئەمڕۆ تەنیا هۆزەکانی هەورامان، ڕێژاب، کەندۆ لە (نز یك کرما شان) و بە شی ئە سڵی سەنجابیەکان بە گۆرانی دەدوێن.

هۆزەکانی گۆران و باجەلان تەنیا نوێنەری بە شێکی کەمی دانیشتوانن کە ئەوانیش لە حاڵی لەناو چووندان و خەریکە کر مانجی جێ یان بگرێ تەوە. ز مانی گۆرانی خۆی، بە زاراوە یەکی کوردی دا نراوە، لەکاتێ کدا بە هیچ شێوەیەك وانی یە. کر مانجی شێوازی کاراکتریستێکی ڕێزمانی و وشەگەل و ئیستیلاحاتی تایبەت بە خۆی هە یە کە هیچکامیان بە گ شتی لە گۆرانی نا چن. گۆرانی لە شێوازی ڕێز مانی خۆ یدا نی شان دەدات کە ئاڵوگۆڕکراوی زمانی فارسییە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە دایکی خۆی جیا بووەتەوە، لەم سەردەمانەی دوایی شدا، لە کر مانجی و فار سی دە ستەوامی فرەی وەرگر تووە. گۆرانی باکووری ترین (لقی) تاقمی زاراوە فارسییەکانە کە بە هۆی لوڕستانەوە نوێنەرایەتی دە کرێ و زۆر لە ز مانی لوڕی ئەو پەڕی باکووری لوڕ ستان نز یك دەبێ تەوە. لە عەینی وەخ تدا کەمترین شوێنی زمانی فارسی تازە و ئەو زاراوانەی دیکەی لەسەرە، وا زووتر لە ز مانی دا یك دابڕاون. ئەو ز مانی گۆرانی یەی هۆزە کانی " گۆران" قسەی پێ دە کەن، لە زۆر تەفصیلاتی وردد، لە یەکتر ج یاوازن بەڵام کارک تەری ئە سڵی خۆ یان دە پارێزن کە نا سراوترینیان جیاوازییە لە پیتی "خ" دا -ئەو پیتەی وا دەگۆڕێ و دەبێ بە "ە" یا خود ڕەنگە هەر بە کار

نەهێنرێ. "هوتۆم شیندلێر"[٦] کە تۆژینەوە یەکی بەربلاوی لە زاراوە ئێرانیەکا ندا کردووە، دەری دە خات ز مانی گۆرانی وەك چۆن هۆزە [کوردە کان]، هەرواش خەلکی "کر ند" و "بواذ یژ" قسەی پێ دە کەن -گەر چی بە هەر حاڵ، توو شی هە ڵەش هاتووە و دوو هۆزی " نەپرژی" و "تای شەی" (= نیر یزی و تەی چی)[٧] کە کوردن و بە کر مانجی دەدو ێن، لە گەڵ ئەوانە داناوە وا بە گۆرانی دەئاخڤن. ئەو وشە و ڕەستانەش کە هێناونیە تەوە، نیشان دەدەن گۆرانی نوێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ مەیلی وەر گرتنی و شەگەلی فار سی و کر مانجی نوێی تێدا پەرە دەستێنێ و بۆ ئەوەی خۆی لە تەنیایی بێنێتە دەرێ.

"گۆرانی"ی بەیازەکە، یەجگار کەمتر شوێنی ز مانی دەرەوەی لە سەرە. بەڵگەی ز یاتر بۆ چەسپاندنی پەیوەندیی لەنێوان گۆرانی وفارسی تازەدا، وێچوونیەتی لە هە ندێ زاراوەی وەك سوغدی یا ئەو لەهجە ناوەندیانەی زمانی فارسی کە لێرە و لەوێ بەر چاو دە کەون و باشتر پارێزراون. سەرنج ڕاکێشتر لە پەیوەندیی زاراوەکانی زمانی فارسی، ئەو هاوبەشی یە گرینگە یە وا لە گەڵ ز مانی سەمەرەی (زازا) لە کورد ستانی ناوە ندی دا هە یەتی. زازا یی، شێوەیەکی غەیرە کرمانجی یە کە سەرەڕای قەرزوەرگرتنی زۆر لە کرمانجی، لە هەمان ڕادە و پا یەی گۆرانیدا یە بەڵام فار سیی نوێ شوێنی لە سەر دا نەناوە و لە هە ندێ ڕوخ ساری خۆیدا، نوێنەرایەتیی نموونە یەکی با شتر پارێزراو دە کات لەوەی وا ڕەنگە سەردەمێك لە گۆرانی دا هەبووبێت. زازا یی، لە ج یاوازیی پیتی "خ"دا [ بە نی سبەت کرمانجی یەوە]، هاوبەشی "گۆرانی"یە. ئەویش پیتی "و"ی لە جێ دا ناوە لە کاتێکا ئاوێستایی و فار سی کۆن پیتی "هو"[٨] یان بۆی هەیە و هەرچۆنێك بێت، بە پێچەوانەی گۆرانی، [زازا یی] لە ژمارەکانیدا کۆنترە بە تایبەت کە ووشەگەلی وەك "سریە" بۆ ژ مارەی سێ و "داس"ی بۆ ژمارەی دە، داوە بەدەستەوە[٩].

---

[٦] Houtum Schindler, "Beitrage zum kurdischatze, Journal of the Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft.

[٧] Biwanij, Nairzhi ("Nirizi Taischi").

[٨] hu

[٩] "hirye", "das"

[میجەر سۆن لێرەدا هەندێ نیشانەی تایبەتی بۆ ژمارە یەك وشە و ناو داناوە كە تایبەت بە دەقی ئینگلیزییە وپێویست بە وەرگێڕان ناكات. ئینجا پێش ئەوەی دەس بكات بە وەرگێڕانی دەقەكان، بە كورتی هەندێ زانیاریی لە سەر خەسلەتی شیعرەكان داوە بەدەستەوە]:

((ئەو نموونانەی دراون بە دەستەوە، تەنیا بەهەڵكەوت لە كەشكۆڵەكە هەڵگوێراون. فۆرمی شیعرەكان هەموو وەك یەكن: دوو لەت كەیین و بە شێكیان قافیە پێك دێنن. فۆڕمەكەیان ناكەوێتە هیچ مەقوولەیەك لە فۆڕمی شیعری سوننەتی فارسییەوە و تەنیا هەندێ فەردە شیعرن كە قافیە یەكی داخلییان هەیە گەرچی هەندێ جار قافیەكە لە چەند فەرددا، هاوبەشە.

ڕوخسارێكی شیعرەكان لە هەندێ حاڵەتدا، بەدەستەوەدانی " فەردێكی شكاو"ە كە، لەتی یەكەمی بەشێكە لە لەتی دووهەم، بۆ نموونە:

یاران! لاڵێ دیم ئاڕو جەلالان عەجەب لاڵێ دیم
شیرین نەشتەرەن لە دووریی دیدەش هەزار نەشتەرەن
شیرین نەیاوا پەی سوفتە دڵان پڕ شەنگ نەیاوا

كێشی شیعرەكان، كێشێكی سروشتین و وەك فۆڕمەكەیان، یاسای [شیعری] فارسی بەڕێوە نابەن، كە سووڕێكی ئازادتر و كێشێكی سروشتی تریان هەیە. ئەوانیش وەك زۆربەی سترانە لوڕی و كوردییەكان، بۆ ئەوەی كێشەكەیان بپارێزرێ، دەبێ بە ئاوازی گۆرانی بگوترێن)).

[سۆن دوای ئەو سەرەتایە، حەوت پارچە شیعری كەشكۆڵەكەی (دەقی كوردی و تەرجەمەی ئینگلیزی) بۆ نموونە هێناوەتەوەكە بریتین لە]:

١) لا پەڕە ١١ دەستنووسەكە، شیعری شێخ ئەحمەدی تەختی خەڵكی هەورامانی تەخت، دەورووبەری ١٦٤٠ زایینی. سێ فەرد سەبارەت بە پاییز:

هەور نۆ ئاما، خەم پۆش و نەمین.

[ڕوونكردنەوەكانی وەرگێڕ: ١- ئەم شیعرە، لە كەشكۆڵەكەدا، بە ناوی مەحزوونییەوەیە نە شێخ ئەحمەدی تەختی. ٢- لە دیوانی دەستنووسی بێسارانی ژمارە

٢٢٣٨د (نوسخەی /س/، بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە. ٣- مەکەنزی (ژمارە ٣) بە ناوی (و لە مەحزوونی) تەرجەمەی کردووە.]

٢) لە هەمان شاعیر، دوو فەرد سەبارەت بە پایز [لاپەڕە ١٢]:

ئارۆ خەزانی زەردبامم ونیا

[١- ئەم شیعرە لە کە شکۆڵەکەدا نیشانەی (و لە)ی لە سەرە و دە بێ بگەڕێتەوە بۆ مەحزوونی. ٢- لە دەستنوو سی /س/ (ژ مارە ٦) و د یوانی چاپی (ل٣٨)دا بە ناوی بێسارانییەوە چاپ کراوە. ٣- مەکەنزی بە ناوی (ولە) تەرجەمەی کردووە (ژمارە ٤).]

٣) لاپەڕە ١٢ و ١٣، محەمەد قوڵی سولەیمان، تاریخ نەزانراوە، شەش فەرد:

لەسەر پایز:

خەزانێ بە چاخ

[١- لە کە شکۆڵەکەدا، نیشانەی (و لە)ی لە سەرەو من ئەو نیشانەیە، دبە مەوە سەر بێسارانی (مەحزوونی) نەك محە مەد قوڵی سولەیمان. ٢- مە کەنزی بە ناوی (و لە) وەری گێڕاوە (ژمارە ٥). ٣- لە دەستنووسی /س/ (ژمارە ١٠٧) و چاپی (ل١٥٩)دا بە ناوی بێسارانی چاپ کراوە.]

٤) لاپەڕە ٢٢، مەلا گاهر ئەورامانی، تاریخ نەزانراوە، چاردە فەرد لە سەر ڕێحان و شەرحی چۆنیەتی پەیدا بوونی خاڵی ڕەش لەسەر گەڵاکانی:

تەلێو جەرێحان، پوڕشان [پەرێشان] شێوە......

[مە کەنزی (ژ مارە ١١) بە ناوی " مەلا گاهر اورا می (در رد یف)ەوە تەرجە مەی کردووە.]

٥) لاپەڕە ٢٢، مەحزوونی نوو سەری د یوە خانی خو سرەوخانی وا لی ئەردەڵان ١٧٨٣ زایێنی، باسێك لەسەر ڕێحان، لە هەمان شێوەدا [در ردیف]:

ڕەقیب سیا بۆ...

[لە دەستنووسی /س/ دا بە ژمارەی ١٤٦ و بە ناوی بێسارانیەوە هاتووە.]

٦) لاپەڕە ٣٣ئـ، مەحزوونی، ٦ فەرد.

سای سەهەند سەنگ...

[١- مەكەنزی (ژمارە ١٢) بە ناوی (ولە - حرف السین)ەوە تەرجەمەی كردووە. ٢- لە دەستنووسی /س/ دا، ژمارە ١٦٣، بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.]

٧) لاپەڕە ٣٤ فەڕڕوخ پەڵەنگانی. سێ فەرد.

مەولام بێقەرار......

[لە دەستنووسی /س/ دا (ژمارە ٢١٢)، بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.]

### پاشكۆی دووهەم

## بەشێك لە وتاری "گۆڕان"

**ڤیلادیمیر مینۆرسكی**[1]

---

[1] V.MinorsKy, “The Guran” , B.S.O.A.S., volXl, ١٩٤٣, PP,٨٧- ١٠٣.

[من سەرجەمی ئەم وتارەم وەرگێڕاوەتە سەر كوردی و هیوادارم لەداهاتوودا بڵاوی بكەمەوە. وەرگێڕ].

((... بۆ بەشی [ شیعری] لیریك[2]، من باسی دەستنووسی ژمارە ٦٤٤٤ی مووزەخانەی بریتانیا، پەڕەی ٨ تا ٥٤م کردووە، کە هەندێ لەلایەن " ئی. بی. سۆن"ەوە کراوەتەوە (گۆڤاری ئەنجومەنی پادشاهی ئاسیایی، جانیوەری ١٩٢١، لە ٥٧ تا ٨١)[3]. لیستەیەك لە ناوەرۆك [ی دستنووسەکە] لە ساڵی ١٩٢٧دا، لەلایەن مستەر "س. توپاڵیان"ەوە[4] بۆم پێك هاتووە. بەشی زۆر بەکەڵکی، بریتین لەوانەی وا لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی جولای ١٩١٧دا، دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە تاران، سەبارەت [بە کەشکۆڵەکە]، پێی گوتم.))

(لاپەڕە ٩٠ی دەقی ئینگلیزی)

ب- لیریك

((باشترین ڕێ بەرێك کە بۆ لیریکای گۆرانی بەدەستەوە بێت، کە شکۆڵەکەی مووزەخانەی بریتانیایە (or. ٦٤٤٤) کە شیعری ٢٧ شاعیری گرتووەتە بەر[5] و هەموویان پێش ساڵی ١٧٨٨ واتە تاریخی [نووسرانی] دەستنووسەکە، ژیاون:

١) مەحزوونی، پەڕەی ١٠، ٣٢ و ٣٣؛ دەگوترێ نوو سەری دیوەخانی وا لی ئەردەڵان خوسرەو خانی یەکەم بووە کە لە ساڵانی ١٢٠٤-١١٦٨/ ١٧٨٩-١٧٥٤دا حکوومەتی کردووە.

(مێجەرسۆن دووشیعری لێ بڵاو کردووەتەوە).

٢) شێخ ئەحمەدی تەختی، پەڕەی ١١؛ خەڵکی هەورامانی تەخت، تا ساڵی ١٦٤٠ زایینی لە ژیاندا بووە. (سۆن دوو شیعری لێ بڵاو کردووەتەوە).

٣) محەمەد قوڵی سولەیمان، پەڕەی ١٢ و ١٣ ( سۆن یەك پارچە شیعری لێ بڵاو کردووەتەوە).

٤) میرزا ئیبراهیم، پ ٢٦.

٥) مەولانا قاسم، پ ٢٨.

---

[2] [مینۆرسکی، ئەدەبیاتی گۆرانی بە سەر سێ مەقوولەدا، دابەش کردووە: چیرۆکە شیعر، لیریك و ئایینی. ئەم پاشکۆیە لە ڕاستیدا بەشی دووهەمی وتارەکەیە...] .

[3] بڕوانە پاشکۆی یەکەم...] .

[4] Mr. S. Topalian.

[5] مینۆرسکی هەمان هەڵەی " سۆن"ی دووپات کردووەتەوە، کەژمارەی شاعیرەکانی ٢٧ زانیوە، لەکاتێکدا هەر خۆی، ناوی ٢٨ کەسی بردووە!

٦) یۆسف یاسکە، پ٣٢، بە قسەی دوکتۆر سەعید خان، خزمەتکاری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بووە. ئاغاکەی گومانی لێکرد کە خەریکی ڕابواردنە لەگەڵ ژنەکەیدا واتە کلاوزێڕ خانم کچی شاعەبباس[6] و زیندە بە گۆڕی کرد.

٧) شێخ لوتفوڵڵا، پ ٣٢.

٨) مەلا تاهر ئەورامانی، پ٣٢، ٣٨ (سۆن، پارچە شیعرێك).

٩) ئەلیاس بەگ، پ٣٣.

١٠) مەلا فچل اللە، ٣٣.

١١) حاجی عەلی محەمەد بەگی تیلەکۆ (تیلەکۆ، یەکێکە لە ناوچە ڕۆژهەڵاتی یەکانی ئەردەڵان.

بڕوانە "سنە" Senna لە ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلامدا.)

١٢) مەولانا فەڕڕوخ پەڵەنگانی (سۆن، پارچەیەك شیعری لێ بلاو کردووەتەوە)، پ٣٤.

١٣) مەلا حافڤ فەرهاد، پ٣٤.

١٤) ڕەزا بەگ، پ ٣٩.

١٥) محەمەد ئەمین بەگی ئەورامی، پ٣٩.

١٦) شێخ یەعقووب خان، پ٤٠.

١٧) نوەیس بەگ، پ٤٠.

١٨) مەولانا یۆسف برای مەلا حەبیبی کەلان، پ٤١.

١٩) شێخ حەسەنی دەرەهەردی، پ ٤٥.

٢٠) عەید، پ٤٦.

٢١) عومەر نەززاری، پ٤٦.

٢٢) شێخ مستەفای تەختی خەڵکی هەورامانی تەخت، پ٤٨.

٢٣) صۆفی عەلی کێوانی (؟)، پ ٤٩.

٢٤) شێخ ئەحمەدی مووئی، پ ٤٩.

٢٥) لالۆ خوسرەو، پ٥٠.

---

[6] زۆربەی سەرچاوە کوردیەکان بە خوشکی شاعەبباسیان داناوە (تحفە ناصریە، حدیقە ناصریە).

٢٦) شێخ شەمسەددینی دەرەهەردی، پ ٥١.

٢٧) ئوستاد میکائیل، پ٥١.

٢٨) خانانی قوبادی، پ٥١؛ ((لە عەشیرەتی جاف کە (ئێستا؟) بە کوردی دەدوێن و ئەگەر دەرکەوێ شیعری خانا بە شێوەی گۆرانی گوتراوە، (هەمەگیری)[٧]. زاراوەی گۆرانی لە کاری ئەدەبیدا، دەسەلێ یاخود ئەوە دەگەیێنێ کە جافەکان زمانیان گۆڕیبێ.))

(لاپەڕە ٩٢ و ٩٣ دەقی ئینگلیزی)

[مینۆر سکی لە در ێژەی وتارە کەدا، نوو سیویە]: ((ج یا لەو ناوا نەی وا لە کەشکۆڵەکەدا دەبینرێن، ئەم ناوا نەی خوارەوەش لە لا یەن دوکتۆر سەعید خا نەوە پێم گوتراون: بێسارانی، سەیدی، مەولەوی و ئەحمەد بەگی کۆماسی.))

(لاپەڕە ٩٣ و ٩٤ی دەقی ئینگلیزی)

[ئینجا هەندێك زانیاری لەسەر ژیانی ئەو چوار شاعیرە کوردە، داوە بەدەستەوە].

---

٧ "Popularity".

پاشکۆی سێهەم

# هەندێ شیعری لیریکی گۆرانی

**ن. د. مەکەنزی[١]**

**دوای ئەوەی گەڵا لە ڕێزمانییە کورت بەڵام لە لا یەنی ڕێزمانەوە، مامۆستایانەکەی "چارلز ڕێو"[٢] لە ساڵی ١٨٨١ دا چاپ و بڵاوکرایەوە "گۆرانی" چ لە باری وێژەوانی و چ لە لایەنی زمانییەوە، بوو بە سیندرێللای ئێران ناسی[٣].**

---

١ D.N.Mackenzie. “Some Gorani Lynic Verses” , B.S.O.A.S., vol. xxxl١, ١٩٦٥, pp. ٢٥٣-٢٨٣.

٢ Charles Rieu, Catalogue of the persian Manuscripts in the British

جگە لە ڕاگەیاندنێکی "ئی. بی. سۆن"[٥] (٤) کە لە خوارەوەدا زیاتری باس لێ دەکەین، پوختەکراوی ڕاستەقینەی بریتی دەبێ لە وتارە کورتەکەی پرۆفیسۆر "منیۆرسکی" لە سەر " گۆران"[٥] کە تۆژینەوە یەکی ڕ ێك و پێکە لە مەڕ هەموو ئەو چیرۆکە شیعر و لیر یك و ئاینیە "گۆرانی"یانەی کەتا ئەو سەردەمە ناسرابوون.

ئەو دستنووسە پارێزراوانەی کەوتوونەتە دەستی مینۆرسکی و پا شان پێشکە شی لقی لێنینگرادی ئەنستیتۆتی ڕۆژهەلآت (ئەنستیتۆتی نارۆدۆڤ ئازیی - ئـ. ن.)[٦] کراون، ئێستاش هەر لەوێ بە چاپ نەکراویی ماونەتەوە.

پێوی ستە هەمان مە سەلە، سەبارەت لە گەلێك دەستنوو سی دی کەش ب گوترێ کە "ئوسکارمان" بۆ (کتێبخانەی پێشووی میریی پڕۆس)[٧] پێکی هێ نابوون، ڕا ستە. ئو سکارمان گەرەکی بوو لەو نموونانەی وا لە بەری نوو سیبوونەوە[٨]، بەرگێکی سەربەخۆ پ ێك بێنێ و بە ناوی ( چەند نموونە یەك لە ئەدەبی گۆرانی)[٩] یەوە، لەناو (تۆژی نەوە کوردی-فارسیەکان)[١٠]ی خۆیدا چاپ و بلآوی بکاتەوە.

---

Musrum" , II, London ١٨٨١, ٧٢٨-٣٤.

٣ [ئاماژەیە بە دیاردەیەکی ڕازاوە و جوان، کە ڕێزی پێویستی لێ نەنرابێت.]

٥ [بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١ی ئەم کتێبە.]

٥ [بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢.]

٦ The OrientaI Instiute (Institute Narodov Azii AN).

٧ The Former "Preussische Staatsbibiothck

٨ من، بە ئیجازەی میهربانانی بەڕێوەبەری
." Akademie der wissenschaften und der Literatur, Mainz.
وە هەروەها:
The Institut Fur Orientforschung of the Deutsche Akademie Wissrnschaften zu BerIin.
یاددا شتە دەستنوو سە چاپ نەکراوەکانی "ئۆ سکارمان"م لەبەردە ستدایە. ئەو دەستنوو سە "گۆرانی"یانەی ئەو کۆی کردبوونەوە، بەڕواڵەت براونەتە Staatsbibiotheck و لەوێ کۆدی "acc. Mss. ١٩٠٤" ژمارە ٣٧ تا ٨٣یان پێ دراوە.

٩ proben aus der Gurani- Liteatut.

١٠ Kurdish- perischr Forschungen.

تەنیا لەم دواییانە دابوو، کە "م. موکری" بە هۆی چاپ کرد نی شیعرێکی ئایینی واله فیر قەی " ئەهلی حەق" سەر چاوەی گرت بوو، سەرنجی [خوێ نەرانی] بەرەو کۆمە ڵە دەستنووسەکانی خۆی ڕاکێشا[11].

زاراوه زیـ ندوەکانی " گۆرانی" ژ یانێکی با شتریان بووە - گەر چی دەوری خو شکە ناشیرینەکانیشیان نەبینیوە.[12] هەموویان جێگەی باسی "ئـ. کریستێن سن"[13] بوون بۆ چاپی ماتریا ڵە هەورامیـ یەکان، کە " ئـ.م. بێنیٚ دیکتـ سن"[14] وە کۆی کرد بوون، هەروەها بۆ ئەو کارەی وا "ك. هەدەنگ"[15] لەگەڵ ماتریاڵە دەوڵەمەندترەکەی "ئۆسکار مان" کردی[16].

بەخت و ئیقـ باڵ دوو جار منی خـ ستە پەیوە ندیی زاراوەی گۆرانیـ یەوە: یە کەمجار لەگەڵ تاقمێکی کۆچ کردووی "با جەلان" و دوو هەمجار لە گەڵ هەورامیـ یەکان کە ئەمان گرینگایەتی زیاتریان هەیە[17].

---

[11] "Cinqumante- deux versers de Cheikh Amir en dialecte Gurani",J.A.ccxIiv,٤ ,١٩٥٦, ٣٩١– ٤٢٢.

هەروەها لە وتارێکی ئەم دواییانەدا:

"L Armenie dans le folklore Kurde" . Review drs Etude Armeniennes.NS, ١, ١٩٦٤, ٣٤٧– ٧٦.

موکری ئا ماژە بە هە ندێك دە قی ڕەخـ نەیی دە کات کە لە سەر هە ندیٚ چیرۆکی ڕۆ مانتیکی گۆرانی نووسیویەتی.

[12] [ئامازەیە بە هەمان داستانی سیندرێللا و نیاز، ئەو دیاردە کەمبایەخانەن کە ڕێزی زیاد لە پێویستیان لیٚ دەگیریٚ].

[13] A. Christensrn.

[14] Coprnhagen, ١٩٢١, and "Sime new Awramani materials" , B.S.O.S. v١١١, ٢-٣, ١٩٣٦, ٤٦٧–٧٦.

[15] K.Hadank

[16] O.Mann, Mundarten der Guran, Berlin, ١٩٣٠.

[17] بڕوانە: "Bajalani". BSOAS, xv١١١, ٣, ١٩٥٦, ٤١٨- ٣٥

هەروەها: "The dialect of Awraman", Copenhagen. کە بڕیارە لە ساڵی ١٩٦٥دا چاپ بێت.

[مەکەنزی، وتارەکەی لە هەمان ساڵدا نووسیوە، بەڵام دەبیٚ تا کاتی چاپبوونی ئەم وتارە، ئەوەیان لە چاپ دەرنە چووبێت. پێویـ ستە بـ ڵێم، من و تاری یە کەمیان وا تە "با جەلانی"م وەرگێڕاوە تە سەر

وا وێ دەچێ ئێستا، کاتێکی موناسیب بێت بۆ ئەوەی (زمانی قسەکردن) بەجێ بێڵین و و چاوێکی دیکە بە " گۆرانیی ئەدەبی" و بە تایبەت بەشی هەرە لە بیر کراوی وا تە شیعری لیریکیدا بخشێنین.

ئەوەی ئێستا بە ڕۆشنی دەردەکەوێ ئەو ڕێگەیە یە کە تیا یا شاعیرەکان بەرەو وشەگەلی (فۆکابیەلێری) گۆرانی، کوردی و فارسی وتەنانەت ئەگەر خۆیان ویستبێتیان، بەرەو ساختمانی ڕێزمانی کێشراون.

زانیاری گشتی لەسەر شیعری لیریکی گۆرانی لەدەرەوەی زیدەکەی خۆیدا، بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە دەستنووسی ژمارە or.٦٤٤٤ی کتێبخانەی بریتانیا، کە "مێجەر سۆن" نزیکەی چل فەردی لی چاپ کرد و گوتی ((... لە سولەیمانی -با شووری کوردستان و لەسەر نوسخەیەکی ڕەسم هەڵگیراوی دەستنووسەکە)) کاری کردووە و هەلومەرجەکەی ئەوێی " بۆ بەراوردکاری بەرێوجێی وشەکان" بەناتەواو زانیوە.

هەر چۆنێك بێت، دە بێ بگوترێ ووتارەکەی زۆر ڕێك و پێك نییە، پڕە لە هەڵە و بۆچوونەکانی زیاتر گشتین و کەمتڕاستن. گەرچی دەست نیشان کردنی هەموو [ ئەو هەڵە و پەڵەیە] دەبێتە هۆی وەڕەزیی، بەڵام هەندێکیان پێویست بە ساغ کردنەوە، هەن.

دەستنوسەکە، بەیازێکە لە قەبارەی ٥,٧ * ٢١ سانتیمەتریدا، ٨٤ پەڕەیە بەڵام تەنیا لە پەڕەی ٨ب تا ٥٤ب (ff.٨b-٥٤b)[١٨] تەرخانی شیعری گۆرانی کراوەو پاشماوەکەی بریتین لە دەقی هەمەچەشنەی فارسی و عەرەبی.

کۆکەرەوەی شیعرەکان، ناوی خۆی و تاریخەکەی داوە بەدەستەوە، وەك لە پەڕەی (٢٩ب)دا هاتووە: ((ر قم ب ید ا لمزنب ع بدولمؤمن بن جما[ل ا لدین مح مد] الخگ یب فی سنند[ج] عام ١١٩٨)). هەروەها لە پەڕەی (٣٢ب)دا، بە هەمان چەشن.)

لە پەڕەی (٣٩ب)دا هاتووە: ((برد ست شک سته ه جران خ سته حزین د یده نمین عبدالمؤمن ابن جمال الدین محمد -الخگیب مزبور.)) (هەر بە هەمان شێوەش لە پەڕەی ٣٢ـ

---

کوردی و بە هیوام بڵاوی بکەمەوە، بەڵام وەك مەکەنزی ناتوانم تاریخێك بۆ چاپەکەی دیاری بکەم! وەرگێڕ]

[١٨] پەڕەی ٣٨ و ٣٩ ئەمدیوو ئەودیو کراون و دەبێ ڕووپەڕی b لەپێش ڕووپەڕی aدا بخوێندرێتەوە.

دا) و له پەڕەی (٤٣ ئـ)داهاتووە: ((در کنار ئَب ڕود شهر [؟] وی رقم اذشا و پــژیرفت ١١٩٦)).

ساڵانی ١١٩٦ و ١١٩٨ی کۆچی (٤- ١٧٨٢ زاینی)، دەگەونە سەردەمی خوسرەوخانی ئەردەڵانەوە کە تیایا شار سنە، پێتەخت بوو.

شیعرەکان بەخەتێکی ورد بەڵام زۆر خاوێن نوسراون کە بەباشی دەخوێندرێتەوە. زۆربەیان لە شێوەی ( مورَب) و لە سێ یا چوار ستوون دا نوسراونەتەوە. هەر پارچە شیعرێکیش عینوانێکی هەیە و بە هۆی ئەو عینوانەوە، کە بەجەوهەری سوور نوسراوە، لە پارچە شیعری دواتر جیا دەکرێتەوە. لە بەر ئەوەی شیعرەکان (تەخەللوس) یان پێوە نابینرێ، تەنیا لە ڕێگەی ئەو عینوانەوە، دەکرێ دانەریان بناسرێ. بەداخەوە "سۆن" سروشتی ڕاستەقینەی بەیازەکەی نەناسی و گوتی: ((نموونەی کاری ٢٧ شاعیری گرتووەتە بەر)). وا وێ دەچێ ئەم ڕەقەمە جەنابی (س). توپالیان"یشی بەهەڵە دا بردبێ کە لیستەی ناوەرۆکی دەستنووسەکەی بۆ پرۆفیسۆر مینۆرسکی پێک هێنا[19].

لەڕاستیدا، هەر چەندە یەکەم عینوانی سەر لا پەڕەی یەکەم (٨ب) کوژاوەتەوە، نیشانە گەلێك بەدەستەوەن کە دەبێ ناوی " مەحزوونی" بەسەرەوە بووبێ و هەروەها زۆربەی هەڵبەستەکان - بەلای کەمەوە تا پەڕەی ٤٤ هی ئەون کە شیعری لای کەم ٣٣ شاعیری دیکە، بەین بەین لێکی جیا کردوونەتەوە. بۆ نموونە، دوای شیعری یەکەم کە خاوەنەکەی نەناسراوە، دوازدە پارچەی شیعری تر هاتوون کە تەنیا لەسەریان نوسراوە (ولە). ئینجا لاپەڕە ١٠ب شیعری "استاد میکائیل" و بە شوێن ئەویشدا، شیعرێکی دیکە دەبینرێ، کە عینوانی (و لە محزوونی) لەسەرە، ئەم شێوەیە، تا هەر شوێنێك کە ئەم عینوانانە بەر چاو بکەون، درێژەی دەبێت:

مەولانا زین العابدین[20]، ولە محزوونی، شەش پارچەی تر بە عینوانی (ولە)ەوە، ئینجا شێخ ئەحمەدی تەختی، ولە میم، نۆدانە (ولە)ی تر و بەم شێوەیە ناوی " مەحزوونی"

[19] لیستەکە، لە وتاری "گۆران"ی مینۆرسکی دا دوویات کراوەتەوە.

[20] توپالیان ئەم ناوەی نەهێناوە.

دوای ئەوەی بە هەڵبەستی شاعیرێکی تر دەبڕێتەوە، سەرلەنوێ لە پار چە شیعری دوا تردا، خۆی دەنوێنێ.

شیعرەکان لە پێشدا بە پێ ی بابەت یا خود بە گوێرەی پیتی یەکەمی لەتکەی یە کەم دیاری کراون. [ لە با سی بابە تدا] بە " بەهاریات" دە ست پێدە کەن و بە شوێن ئەوا ندا "پائیزیات"[21] دێن (ل11ب)، ئینجا چراغیات (ل13ب) کە تیا یا دۆ ست بە چرا شویهێندراوە، بە شوێنیدا ئەو شیعرانەی وا بەم وو شانە دە ست پێ دە کەن: یاران (20 ئـ)، د ڵە (21ب)، ئیمشەو (23ب)، شیرین (24ب)، زولەیخا (26ب)، لە لاپەڕە 27ئـ بە دواوە تاقمە هەڵبە ستێك دەست پێ دەکرێن کە ((در ادبیات متفرقە کە بە حسب حروف جمع شدە))، وا تە بە پ‌ێی یەکەم پیتی فەردی یەکەم بە شوێن یەکدا هاتوون[22]. بە هەڵکەوتیش (وەك لا پەڕە 29 ئـ و 31ئـ) شیعری مەحزوونی وەڵامێکە (در جواب) بۆ شیعرێکی تر (در سئوال) یا بە شوێن یەکی دی کەدا د ێت (در رد یف). لا پەڕە 44ب هیچ شیعرێکی ت ێدا نەنو سراوە و ناوی مەحزوونی ت ێدا بەدی ناکرێ؛ جا بەم بۆنە یەوە جێگای دڵن یایی نی یە پا شماوەی ئەو شیعرانەی کە عینوانی (ولە)یان بەسەرەوەیە، هی ئەوبن. جاری واش هە یە نوو سەر، ناوی شاعیری تاقە شیعرێکی نەزانیوە (لاعلم) یا خود، ل‌ێی دڵن یا نەبووە ( هی ئەو کە سەیە، بەڵام دەگوترێ هی فڵانە کەسیش بێت) [23].

لیستەی تەواوی ئەو شاعیرانەی ناویان براوە، بە شێوەی خوارەوەیە:[24]

1) عەبدی؛ لە 46ئـ.

2) عەبدولوئمین نووسەری کەشکۆڵەکە (راقمە)؛ پپ 42ب و 43 ب.

---

[21] بڕوانە: شیعری نموونە3، لە خوارەوەتر.

[22] دواین پیتی قافیە، لە [دەقی] "سۆن"دا، شتێکی نەگونجاوە، چۆن هەموو فەردەکان دوو لەتکەیین و قافیەکانیان وەك یەکن: aa, bb, cc و...

[23] ئەو لی ستە نا تەواوەی لە و تاری " گۆران"[ی مینۆر سکی]دا چاپ کراوە، لە لی ستەیەکی دووروودر ێژتری شاعیرانی کورد ( بە گۆرانی یەوە) ڕەنگ یان داوە تەوە کە عەلا ئەددین سەجادی لە (مێژوی ئەدەبی کوردی)دا چاپی بەغدا، 1952 نووسیویەتەوە.

[24] [مەکەنزی ناوی شاعیرەکانی بە هەمان شێوە پێك هێناوە کە لە دەستنووسەکەدا هاتوون: حاجی عەلی، مەلا یۆسف، مەولانا قاسم...]

٣) ئا.. اکوڕ (عینوانەکەی بە باشی ئاخوێندرێتەوە؛ ل٤٠ئـ [ من لە سەر ئەو بڕوا یەم کە ئەو ناوەی مەکەنزی بە "ئا... اکوڕ"ی خوێندۆتەوە، "ئاغاکۆر"یا "ئاغە کۆر"ە. بڕوانە: بەشی شاعیرەکان، ژیان و بەرهەمیان. وەرگێڕ]

٤) دەردین؛ پپ ٣١ب، ٣٩ئـ .

٥) حاجی عەلی محەمەد بەگی تیلەکۆ؛ پپ ٣٤ئـ، ٤٥ب.

٦) ئەلیاس بەگ؛ پپ ٣٣ب، ٤٠ب.

٧) جەمالەددین محەمەد -باوکی نووسەر (ابویم) ؛ پ٣٤ب.

٨) لالۆ خوسرەو؛ پ ٥٠ئـ .

٩) مەحزوونی؛ لە هەموو شوێنێکی بەیازەکەدا.

١٠) مەولانا فەڕڕوخ پەڵەنگانی؛ پپ ٣٤ب، ٤٦ئـ .

١١) مەولانا قاسم؛ پپ ٢٨ب، ٤٠ب.

١٢) مەولانا یۆسف دەویسەیی (هەمان مەلا یۆسفە ؟)؛ پ ٥٠ب.

١٣) مەولانا زەینەلعابدین؛ پ ١٠ب.

١٤) میرزا ئیبراهیم؛ پپ ٢٦ب، ٣٠ب، ٤٠ب.

١٥) محەمەد ئەمین بەگی ئەورامی؛ پپ ٣٩ئـ، ٤٠ب.

١٦) محەمەد قولی سولەیمان؛ پپ ١٢ب، ٢١ب، ٤٨ب.

١٧) مەلا فچل الله؛ پ ٣٣ب.

١٨) ملا/ مەولانا حافڤ فەرهاد؛ پپ ٣٤ب، ٣٩ئـ، ٤٨ب، ٤٩ئـ، ٥١ئـ .

١٩) ملا گاهر ئەورامـ(ـان)ی؛ پپ ٣٢ب، ٣٨ئـ.

٢٠) ملا یۆسف برای "مەلا حەبیب"ی کەلان (هەر مەولانا یۆسفە؟)؛ پ ٤١ب.

٢١) ناڤر بستی؛ پ ٤٣ئـ .

٢٢) پەشێو؛ پ ٢٩ئـ (vp.٢٨٠, S.V).

٢٣) ڕەزا بەگ؛ پ ٣٩ئـ .

٢٤) صۆڤی عەلی کێونانی؛ پ ٤٩ئـ.

٢٥) شاکە (چکۆلەکراوەی شاکر؟)؛ پ ٤٧ب.

٢٦) شێخ ئەحمەدی تەختی[٢٥]؛ پپ ٤٥ب، ٤٩ب[٢٦].

٢٧) شێخ حەسەنی دەرەهەردی پ ٤٥ب.

٢٨) شێخ لوتفوڵلا؛ پ ٣٢.

٢٩) شێخ مستەفای تەختی؛ پ ٤٨ب[٢٧].

٣٠) شێخ شەمسەددین دەرەهەردی؛ پ ٥٠ب.

٣١) شێخ یەعقووب خان؛ پ ٤٠ئـ.

٣٢) عومەری نەججاڕی (یا بوخاری) ؛ پ ٤٦ئـ .

٣٣) ئوستاد میکائیل؛ پپ ١٠ب، ٥١ئـ .

٣٤) ئوەیس بەگ؛ پ ٤٠ب.

٣٥) خانای قوبادی؛ پ ٥١ب.

٣٦) یۆسف یاسکە؛ پپ ٣٢ئـ، ٣٧ب، ٤١ئـ ، ٤٦ب، ٤٧ئـ[٢٨].

---

[٢٥] حو نجەی " تەختی" ( بە پێچەوانەی "دەویسەیی")، پاڵپشتێکە بۆ ئەو بۆچوونەی مینۆرسکی کە"شێخ" دانیشتووی هەورامانی تەخت بووە. شێخ محەمەدی مەردۆخی کوردستانی لە تاریخی مەردۆخ، تاران، ب٢، ل٢٣دا، حاجی مستەفا بە خەڵکی گوندی تەخت (ساڵی ١٠٤٧– ٩٥١= ١٦٣٧– ١٥٤٤) و باوکی شێخ ئەحمەدی علامە (١١١٤– ١٠١٦= ١٧٠٢– ١٦٠٧) دەزانێ. سەجادی (هەمان، ل٥٣٧)، ناوی بە شێخ ئە حمەدی تەخ تەیی ( ساڵی ١٧٢٠= ١٦٤٠) دە بات و د یارە تاریخی لە دایکبوونەکەی لە مینۆرسکی وەرگرتووە کە دەڵێ (دەوروبەری ١٦٤٠)ەو (لە لاپەڕە ٣٦٤)یشدا، دەڵێ شێخ ئە حمەدێکی دیکە هەبوە کە لە شێخ مستەفای تەختە کەوتۆتەوە و باوکی شاعیری کورد "سالم"ی سنەیە (١٩٠٩– ١٨٤٥(مەردۆخ، دەڵێ تەختە گوندێکە کەوتۆتە ٢٤ مایلی باشووی سنە (لە ڕاستیدا ١١ مایلی باشووری ڕۆژئاوا؟).

[٢٦] شێخ ئە حمەدی موویی (؟) کە لە ژمارە ٢٤ی لیستەی تۆپاڵیان دا ناوبراوە، جندۆکەیەکە! و لە عینوانێکەوە وەر گیراوە، کە لە لا پەرە ٤٩ب دا، ناوی شێخ ئە حمەدی تەختی بۆ دوو هەمجار لە لاپەڕەکەدا هاتووە و گوتراوە: شێخ ئەحمەدی مومی واتە ئەو شێخ ئەحمەدەی لەسەرەوە ناوی برا.

[٢٧] باوکی شێخ ئەحمەدی تەختی (لەسەرەوتر ناوی برا) و بەم شێوەیە باسی لێوە کراوە: (فر[زند] امجد معظم ابیه) (ل٤٩ب).

[٢٨] ڕوو پەڕی ٢٨ب شیعرێکی (محزو نی در سئوال)ی تێدا یە کە (یو سف یا سکە در جواب) وا تە وەڵامی داوەتەوە.

۳۷) نەناسراو؛ پ ٤٣ئ، ٤٨ئ .

هەوڵێکی بێ سوود دەب ێت ئە گەر وا بزانین هەموو شیعرێکی ناو کە شکۆڵەکە، دەناسرێتەوە: زۆریان بە نەناسراوی ماونەتەوە. ئەم نموونا نەی خوارەوە -کە هەر چۆنێك ب ێت، هە ندێکیان لە لا یەن " سۆن"ەوە کەڵکیان لێ وەر گیراوە، تا ڕادە یەکی مەعقوول، ڕۆشنن.

ڕاستییەکی سەرەکی و ئاشکرا -کە "سۆن" چاوی لێ پۆشیوە، لە بەراوردکاریی هەندێ تەرجەمەی بێنی دیکتسن - کریستنسن و مینۆرسکی لەلایەکەوە و "ئۆسکارمان" (یاددا شت لەمەڕ دەستنووس) و "هەدەنك" لەلایەکی ترەوە دەردەکەوێ: هەموو دانیشتوانی ناو چەی هەورامان و کرماشان بە شێوەیەکی نیسبی لە بەکارهێنانی " گۆرانی ئەدەبی"دا، با یەخی فۆنێتیکیی زاراوەی خۆیان بە "زاراوەی سەرەکی" دەدەن. کەوابوو، شاعیرانی هەورامی کە ئێمە، لێرەدا تەنیا لەگەڵ ئەواندا ڕووبەڕوو بووینەتەوە[29]، پیتی دەنگداری " مەجهوول"یان پاراستووە[30]، لەکاتێکدا ئەم پیتانە، لە ناوچەی کرماشاندا تووشی ئاڵ و گۆڕ هاتوون و /ێ/ بۆتە/ ی/، یا خود /ۆ/ بۆ تە/و/ (e>i, o>u) و تەنا نەت لە گۆرانی و کورد یدا- بە یەك شێوە، پتی /و/بووە بە/وو/.

دەگ مەن هەڵ دە کەوێ قاف یە لە دەن گداری کور تدا جۆرا یەتی نی شان بدات. بۆ نموو نە، بڕوا نە ج یاوازیی ن ێوان /ێ/ی نو سرا و لە گەڵ /ی/ی سەرزار. هی چکام لەم

---

[ئەم شاعیرە] کە بە زەحمەت لەگەڵ ئەو تاریخەدا یەك دەگرێتەوە وا مینۆرسکی بۆی داناوە.
یۆ سف یا سکە ( بەگوێرەی ق سەی دوک تۆر سەعید خان)، لە پێش ساڵی ١٦٣٦دا کوژراوە و مەحزوونیش لە لاپەڕە ۷٥ی وتارەکەی "سۆن"دا، تاریخی ۱۷۸۰ی بۆ دانراوە. [ئەو تاریخەی سۆن، بۆ ئەمارەتی خوسرەوخانی ئەردەڵانە و زۆریش لەگەڵ ڕاستیدا یەك ناگرێتەوە].

[29] [مەکەنزی لەوەدا هەڵەی کردووە کە هەموو شاعیرەکان بە "هەورامی"دادەنێ.کەسانی وەك خا نای قوبادی، یۆسف یاسکە و ناظر بستی هەورامی نەبوون. ئەوەش خاڵێکی گرینگە، چۆن نیشانەدەری ن فووزی و دە سەڵاتی شێوەی گۆرانی لە ناو چەیەکی بەربلاوترە و لە لا یەکی دی کەوە، شێوەی "ئەردەڵانیی کۆن" وەك بن لەهجەیەکی گۆرانی –نەك کرمانجی، دەسەلمێنێ. وەرگێڕ]

[30] گەرچی ناساندنی بیچمی دەگمەنی فارسیی نوێ، بۆ ئەوە نییە کە لەگەڵ با سە تایبەتە کەدا یەك بگرێتەوە.

/ی/ی ئیزافه و /و/ی عەتف، لەنوسراوەكانی ئەم دەستنووسەدا، خۆ نیشان نادەن، كاتێك نەبێ كە لەگەڵ پیتی دەنگداری پێش خۆیاندا، لێكدراوێكیان پێك هێنابێ، كاتێكیش لە باری ڕێزما نەوە، بۆ وە ستانی دوای بڕ گەی پێنجەم، پێویست بە بێچمێكی بڕ گەیی هەبێت، ئەمانە بە ئاشكرا قرت دەكرێن.

لەكاتی نوسینەوەی شیعرەكانی خوارەوەدا، ئەگەر حاڵەتێكی ئەوتۆ هاتبێتە پێشێ، ئەوا ئیزافەی هاوبەش لەگەڵ دەنگدارێكی دیكە، بە "وێرگول" نیشان دراوە[31]. تەرجەمە و فەر هەنگۆكی تێرو تەسە لـ[ ی كۆ تاییی وتارە كە]، لە ڕوونكرد نەوەی زیاتر مان بێ نیازدەكەن.

[مەكەنزی لە درێژەی باسەكەدا، ١٢ پار چە شیعری كە شكۆڵەكەی بە كوردی (تیپی لا تینی) و تەرجەمەی ئینگلیزییا نەوە نوو سیوە ئینجا چوار پار چە شیعری " گۆرانی" دیكەی هێناوتەوە كە سیانیان هی سەیدی هەورامی، مەولەوی [مەعدوومی] و ئەحمەد بەگی كۆما سین و چوارەمیانی وەك شیعرێك نا ساندووە ك " بێنێ دیكتەسن" لە ( پاوە) تۆماری كردووە و باسی ئەوینی كوڕەلاوێكی موسوڵمانی سنەییە لەگەڵ كچە گاورێك:

ئازیزم بەستەن

جەوساوە نەڕای تۆم زونار بەستەن (p.٢٧١)

لە كۆتاییی وتارەكەشدا، فەرهەنگۆكێكی هەشت لا پەڕەیی كوردی- ئینگلیزی لە مەڕ وشەگەلی شیعرە چاپكراوەكان پێك هێناوەكە پێویست بە وەرگێڕان نا كات. ئەو شیعرانەی كەشكۆڵەكە، وا مەكەنزی وەریگێڕاونەتە سەر ئینگلیزی، بریتین لە:

١) میرزام! وەهاران...

ولە [مەحزوونی]، پ ١١ئـ (٨ فەرد).

٢) ئەو وەهارسیان...

ولە پ ١١ئـ (٥ فەرد). [ ئەم شیعرە، لە دیوای بێسارانیدا (دەستنووسی /س/، ژمارە ٢١٩) بە ناوی "بێسارانی"یەوە هاتووە. وەرگێڕ]

---

[31] دەنا لەگەڵ سیستەمی فۆنێتیكی بەكارهاتوو لە وتارەكەی مندا (دیالەكتی هەورامان، پێشوو)، بەراوردی بكەن.

٣) هەور نۆ ئاما، خەم پۆش ونەمین.

وله مەحزوونی در پائیزیات، پ ١١ب (٣ فەرد)[٣٢].

[ئەم شیعره لە وتاری "سۆن"دا (ژماره ١) بە ناوی شێخ ئەحمەدی تەختی یەوە چاپ کراوە، بڕوانە پاشکۆی ژماره ١ی ئەم کتێبە. ٢- لە دستنووسی /س/ دا (ژماره ٣٨)، بە ناوی بێسارانیەوە هاتووە.]

٤) ئارۆ خەزانێ زەرد بامم وینا... سۆن، ل٦٣، نموو نەی ٢، هەمان هەڵبە ستەوانی شیعری ژماره ١، هەڵەیە.

و لە؛ پ ١٢ب (٣ فەرد) [ لە دەستنوو سی /س/ (ژ ماره ٦) و چاپی (ل٣٨) دا بە ناوی بێسارنییەوە هاتووە.]

٥) خەزانێ بە چاخ... سۆن، پ ٦٥، نموو نەی ٣. شیعری ستوونی پێ شەوەتر، هی محەمەد قولی سولەیمانە بەڵام ئەم شیعرەش هی مەحزوونی یە و لە؛ ١٢ب (٦ فەرد) [ لە دەستنووسی /س/ (ژماره ١٠٧) و چاپی (ل١٥٩)دا بە ناوی بێسارانیەوە هاتووە.]

٦) چراخ! وەشیۆشەن... [لە دیوانی بێسارانی (ژماره ٣٦ی دەستنووسی /س/ و لە ٧٥ی چاپی دا بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.] وله؛ ١٣ئـ (٥ فەرد).

٧) چراخ! جەخاودا... [لە د یوانی بێ سارانی (ژ ماره ٣٩ی دەستنوو سی /س/ و ل ٧٧ی چاپی)دا بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.] وله؛ ١٣ب (٧ فەرد).

٨) چراخم بێ تۆ گوڵان وەهار... [لە دیوانی بێسارانی (ژ ماره ٨٦ی دەستنوو سی /س/ و ل ١٢٥ی چاپی)دا بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.] وله؛ لە ١٨ئـ (٤ فەرد).

٩) چراخم بەختەن...

و لە؛ پ٢٠ ئـ (١١ فەرد). [ لە د یوانی بێ سارانی (ژ ماره ٩٥ی دەستنوو سی /س/ دا، بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.]

١٠) دڵە بەزەییش ئاما بەوێدا...

---

٣٢ " سۆن" لە ل٦١، نموو نە ١دا، ئەو عینوا نە زەبە قەی نەگرتۆ تە پێش چاو و شیعرەکەی بە هی ئەحمەدی تەخیت داناوە، کە پێشتر ناوی لە هەمان لاپەڕەدا هاتبوو.

وله؛ پ ٢٢ئـ (٥ فەرد). [ لە د یوانی بێسارانی (ژ مارە ١٣٠ی دەستنوو سی /س/)دا، بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە.]

١١) تەلیو جەرێحان پڕشان و شێوە [پەرێشان شێوە. وەرگێڕ]

( مەلا گاهر ئەورامی در رد یف)، پ ٣٢ب (١٤ فەرد). [١- لە و تاری مێ جەر سۆن دا (ژمارە ٤) بە ناوی مەلا گاهیر ئەورامیەوە چاپ کراوە ٢- لە د یوانی بێسارانی ژ مارە ١٤٥ی دەستنووسی /س/دا، لەناوی بێسارانی تۆمار کراوە].

١٢) سای سەهەند سەنگ

وله [حرف السین]، پ ٣٣ئـ (٦ فەرد).

[١- لە وتارەکەی مێجەرسۆن دا (ژمارە ٦) چاپ بووە. ٢- لە دەستنوو سی /س/ (ژ مارە ١٦٣)دا بە ناوی بێسارانیەوە تۆمار کراوە].

[مەکەنزی لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنووسێ]:

((نووسینی شیعر بە شێوەی گۆرانی زۆر دوای ئەم کەشکۆڵەش لە ئەردەڵا ندا در یژەی بووە بەڵام ئێستا نەریتەکە فەوتاوە و ناو و تاریخی ژ یانی شاعیرەکان- ژمارە یەکی کەمیان نەبێ، لەناو چووە. ئەمڕۆ کوردێکی کەم هەن (جگە لە دەورو بەری سنە)، کە گۆرانی بە باشی تێ بگەن و هە ندێ نموو نەی کەمی شیعر، کە چاپ دە کرێن زۆر بەیان هە ڵەن. بۆ نموونە، بیچمێکی هەڵە و کورتکراوی نموونەی ١١ [(تەلیو جەرێحان پەرێشان شێوە)ی مەلا گاهیر ئەورامی]، لە [ڕۆژنامەی] گەلاو یژ [ ساڵی] ٧، ژ مارە ٩ [33]دا بە ناوی بێسارانییەوە[34] چاپ کراوە.

لە "گەلاوێژ"ی [ساڵی] ٣، [ژمارە] ١٠ -٩دا، شیعری دواتر [سای سەهەند سەنگ]، لە شکل و کێ شی ج یاوازدا بە ناوی " سەیدی"یەوە چاپ کراوە، بەڵام دوورە لەو

---

[33] گەلاویژ ڕۆژنامەیەکی گرینگی کوردییە کە لە بەغدا و لە ساڵانی ١٩٤٠دا دەردەچوو. بڕوانە:
C.J. Edmonds, “A bibliography of Southen Kurdish” , ١٩٣٧- ١٩٤٤, JRCAS, xxxn, ٢, ١٩٤٥, ١٨٦– ١٨٩.

[34] بڕوانە: "گۆران"[ی مینۆرسکی]، ل٩٣، ژمارە ٢٩ و هەروەها سەجادی (هەمان)، ل١٨٠ تا ١٨٨. سەجادی مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١١١٣– ١٠٥٢/ ١٧٠٢– ١٦٤١ کە نزیکەی سەد ساڵێك لە هاوناوێکی خۆ "شێخ مستەفا" جیای دەکاتەوە.

تایبەتمەندییا نەی وا مینۆر سکی ئا ماژەی پێ کردوون[٣٥]. بیچمی ڕا ستەقینەی گۆرانی بۆ نموونە: ئیزافەی ملکی /و/ هەروەها کۆتایی /ێ/ و... هتد نیشان دەدات.

هەر چۆنێك ب ێت ئەو بیچمەی وا شیعرەکەی ت ێدا چاپ کراوە، بەنا تە بایی دەروونییەوەن دەبێ گومانێکی زۆرمان سەبارەت بە ڕاست و بێ هەڵەبوونەکەی بۆ درو ست کەن. بیچمی جۆر بە جۆری -ۆ، -ۆن، -نۆ، باسیان لێوە نەکراوە.))

[٣٥] مینۆرسکی، گۆران، ل٩٣، ژمارە ٣٠: خویم بۆ (ویم)ی گۆرانی.